# پێنجەمین کتێبی سەلیم بەرەکات کرا بەسویدی

**دڵشاد مەجید/ سوید**

Dilshad.majeed@gmail.com






رۆمانی (Döda noviser - تازەدەستپێکردوێکی مردوو) پێنجەمین کتێبی نوسەرو شاعیری بەناوبانگی کورد سەلیم بەرەکاتە کە رۆژی ٢٦-٣-٢٠٠٨لەلایەن چاپخانەی ( förlaget Tranan) سویدی بەچاپ گەیەنداو کە لەلایەن مامۆستای زمانی عەرەبی (یۆناتان مۆرێن Jonathan Morén) لەزانکۆی ئۆپسالایی سویدی وەرگێردرایە سەر زمانی سویدی ئێستا کەوتۆتە بازارەوە نرخی کتێبەکەش (١٥٦) کرۆنە.
شایانی باسە چوار کتێبەکەی تری بەم شێوەیە بوون:

* (لەسالی ٢٠٠٠ دوو چیرۆکی درێژ بەناوی Järngräshoppan لە عەرەبیەوە لەلایەن Tetz Rooke) و
* (لەساڵی ٢٠٠٢ رۆمانی **Fjädrarna** لە عەرەبیەوە لەلایەن Tetz Rooke )
* (لەساڵی ٢٠٠٥ کۆمەلە شیعری Rov لە زمانی عەرەبیەوە لەلایەن Tetz Rooke ) و
* (لەساڵی ٢٠٠٦ رۆمانی Grottorna i Haydrahudahus لە زمانی عەرەبیەوە لەلایەن Jonathan Morén) وەرگێردراونەتە سەر زمانی سویدی . ئەم رۆمانە تازە وەرگێدراوەی (تازەدەستپێکردوێکی مردوو). پێش چوار ساڵ لەمەوبەر لەوڵاتی لوبنان و ئوردن بەچاپ گەیاندراوە.



ئەم رۆمانە باس لە پیاوێکی بێدەنگ دەکات لە نزیک کەناری دەریایەو چەقۆیەکی تیژی پێیە، گروپێک خەڵکیش بەدوای پیاوێکی غەریب دەگەڕێن تا ئاگایان لێبێت. لەولاوەش کەشتیەکی بارهەڵگر ئامادەیە گەشت بکات بۆ سەفەرێکی بێ کۆتایی بۆ لاندباکا. ئەم رۆمانە باس لە غەریبایەتی (ئاوارەو سەرگەردان)ی مرۆڤ دەکات و پرسیارێک دەکات کە غەریبایەتی چیە؟ هەروەها سەلیم بەرەکات لەم رۆمانەیدا مرۆڤی غەریب وەک بوونەوەرێک دەخاتە روو کەناتوانێ چارەنووسی خۆی دیاری بکات، یاچارەنووسی بەدەست خۆی نیە.

سەلیم بەرەکات ساڵی ١٩٥١ لەشاری قامشلۆی سوریا لەدایک بووە، لەساڵی ١٩٧١ کۆچی کردوە بۆ لوبنان، دواتر سالی ١٩٨٢ چووە بۆ قوبرس. تا ساڵی ١٩٩٩ لەو ماوەتەوەو لەو ساڵەدا روو لە وڵاتی سوید دەکات و ستۆکهۆڵمی

پایتەخت دەبێتە دواپەناگای. لەساڵی ٢٠٠٠ خەلاتی (Svenska Pens Tucholskypris ) وەرگرت، ئەم خەلاتە بۆ ئەو نووسەرانەیە کەلەسەر نووسینەکانیان زیدانی دەکرێن. وە ئەو رێکخراوە هەوڵ دەدات بۆ ئازاد کردنی ئەو جۆرە نووسەرانەو پاداشت کردنیان. بۆنموونە بەهەمان شێوە ساڵی ٢٠٠٥ نووسەری فەلەستینی سەمیر یوسف، هەمان خەلاتی لەوەزیری کۆمەکی سوید (Carin Jämtin ) وەرگرت کە دەرماڵەیەکی (١٥٠ ) هەزار کرۆنی سویدی بوو. هەواڵی وەرگیرانی ئەم کتێبە لە رۆژنامەی (Svenska Dagbladets ) رۆژی ٢٠-٥-٢٠٠٨ بڵاوکراوەتەوەو نزیکەی (٣) لاپەرەی بەشی کەلتوری رۆژنامەکەی داگیرکردوە.









**تێبینی**

وێنەکان بەم شێوەیە

١-وێنەی ژمارە (١) سولیم بەرەکات

٢-وێنەی ژمارە (٢) سەلیم برەکات و مەحمود دەرویش لە پیشانگای کتێبی یۆتۆبۆری.

٣-وێنەی ژمارە (٣) کتێبی نوێی وەرگێردراو.

٤-وینەی کتێبە وەرگێردراوەکانی تری بەگوێرەی ساڵی چاپکردنیان.